## درووستبوونی کۆمیتەی ناوەندی  هەڵبجە - چاک، لە نەرویج.

ڕۆژی 11. 11. 2005 لە هۆڵی Frihet بە ئامادە بوونی 13 کەس کۆبوونەوەی دامەزراندنی کۆمیتەی کاتی ناوەندی هەڵبجە- چاک، لە شاری ئۆسلۆ لە نەرویج بەسترا.
ئامادەبووان.

1. ئاسۆ هۆمەر 2. ماجد علی 3. دانا قادر 4. ئارام دێلێژەیی 5. یادگار ئەمین 6. جهاد حەمەکەریم 7. سۆلاڤ خانەقینی 8. فریال عبدوڵا قادر 9. نزار رەسوڵ 10. کانیا ئبراهیم 11. ئاسۆ عزیز 12. هونەر چەتۆ 13. ئارام بوگدی.

ئەم کۆبوونەویە دووهەم کۆبوونەوە بوو، بۆ دامەزراندنی کۆمیتەی ناوبراو.
سەرتای کۆبوونەوەکە ئارم بۆگدی دووبارە باسێکی لە سەر ناوەندی هەڵبجە پێشکەشکرد، لە سەر درووستبوونی ئەم رێکخراوە، ئامنجی، چالاکیەکانی، شێوازی ئیشکردنی، ساختاری، کۆمیتەکانی.
دواتر دەستکرا بە وتووێژ لە سەر دروستبونی ئەم کۆمیتەیە، بە بەردەوام بوونی هەمان دیدوبۆچونو باسو خواسەکانی کۆبوونەوەی یەکەم، لەگەڵ کۆمەڵێک دیدوو بۆچونی نوێ، کە لە لایەن هاوبەشانی نوێوە هەبوو، وەک یادگار ئەمین، نزار رەسوڵ، فریال عبدوڵا.
وتووێژ بەم جۆرە دەستی پێکرد.

- هەڵبژاردنی ئەندمانی کۆمیتە.
- دابەشکردنی کارەکان.
- کاری ئایندە.
- هەمەجۆرو ڕاوبۆچونی نوێ و کتوپڕ.

یادگار ئەمین دیدوبۆچونی وابوو، کە دەبێت لە کۆبوونەوەیەکی فراوانتردا ئەم کۆمیتەیە هەڵبژێردرێ، تا زۆرێک لە کوردەکان بتوانن بەشداری بکەنو کۆمیتەکە بەهێزترو بە تینوو گوورتربێتە ئاراوە.
جهاد حەمەکاریم لە سەر قسەکانی کاک یادگار دواو، پێشنیازی کرد کە ئەم کۆمیتەیە بە کاتی. . دامەزرێت بۆ ماوەی سێ مانگ و لەم ماوەیەدا هەوڵبدەین کە پەیوەندی خۆمان فراوان بکەین و دواتر لە کاتو رۆژێکی دیریکراودا بانگهێشتی زۆر لە کوردەکانی ئوسلۆ و دەورو پشتی ئۆسلو بکرێت، بە تایبەتی خەڵکی هەڵبجەو گەرمیانیەکان و کەسوکار ئەنفالکراوو کیمیابارانکراو. پاش گفتوگۆو ڕاگورینەوە بەکۆی دەنگ ئەم پیشنیازە قبوڵکرا.

هەندێک دوودلی و سڵەمینەوە هەبوو لە سەر ئەوەی کە رێکخراوی ناوەندی هەڵبجە سەربەلایەنێک بێتو لە ژێرسێبەری لاینێکدا ئیشبکات، بە تایبەتی لە لای کاک یادگار.
لە سەر ئەم دوو دڵیو دڵە ڕاوکێیە، جهاد قسەی کردو وتی، دەبێت ئەم رێکخراوە روخساری هیچ لایەنێکی پێوە دیار نەبێت. دەبێت ئەم رێکخراوە ڕەخنەکانی خۆی ئارستەی هەموو حیزبو لایەنێکی سیاسی بکات بەبێ ئەوەی ئەم ڕەخنانە ببێت بە پەرچەکردارو تانەو تەشەر. دەبێت ڕەخنەکان بۆ خزمەت و بەرو پێشەوە چوونی کۆمەڵگای کوردی بێت. زیاتر دەبێت ئیشەکانی ئەم رێکخراوە لە سەر خزمەتکردنی هەڵبجەو گەرمیانی ئەنفال

کراودابێت. دەبێت ئەم رێکخراوە لە ئامانجی ڕاستەقینەی خۆی لانەدات و نیشانەکانی خۆی بپێکێ.
ئارام بوگدی و ئاسۆ عومەر زۆر لەگەڵ ئەم قسەو باسانە بوون و ئارام بوگدی وەک کەسێک کە ئەندامی دەستەی سەرپەرشتیاری ناوەندی هەڵبجەیە، هەموانی دڵنیا کردەوە کە ئەم رێکخراوە، رێکخراوێکی بێلایەنەو سەر بە هیچ لایەنێکی سیاسی نیە و تەنها بە ئازادی هەوڵئەدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی کە لە پەیرەوو پرۆگرامی رێکخروەکەدا هاتوە.
پاش قسەو باسێکێ تێروتەسەل و ڕازیبوونی ئەم 13 کەسە برِیار درا کە کۆمیتەکە لەم کەسانە ی خوارەوە

پێکبهێنرێت.
2. دانا قادر بە بە رپرسی کۆمیتەکە دانرا.
3. نزار رەسوڵ ڕاگەیاندنو پەیوەندی.
4. ئارام دێلێژەی بەر پرسی دارایی.
5. کانی ئیبراهیم سکرتێر.
6. جیهاد حەمەکەریم. بۆ یاریدەدەری هەریەکێک لە کاتی پێویستدا.
7. ئاسۆ عزیز

---

-1 سۆلاڤ خانەقینی یەدەک
-2 فریال عبدولا یەدەک
-3 یادگار ئەمین یەدەک

- ماجد علی تا سێ مانگ ڕوخسەتی وەرگرت واتە لە 11. 112005 وە تا 11. 02. 2005.

شایەنی ئامازە پێکردنە کە ئەم 13 کەسە هەموویان ئەندامێتی خۆیان قبوڵکرد لە ناوەندی هەڵبجە دا. دوای دروستبوونی کۆمیتەکە کۆبوونەوە کۆتای هات لە سەعات 9. 30 دەقیقە و بڕیاردرا کە کۆبونەوەی
ئاینده لە 26. 11. 2005 بکرێت.